**وانەی 14**

**میرنشینی عەیشانی**(300–350ک):

**لە سەدەی سێیەمی کۆچی، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیە و سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی، دەوڵەتی عەبباسی گەیشتە ئەوپەڕی لاوازی، و نەمانی هێمنی و ئارامی بووە هۆیەکی سەرەکی بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵێ میرنشینی سەربەخۆ لە جیهانی ئیسلامی، و کوردیش بێ بەش نەبوو، ئەوەبوو توانیان سوود لەم بارودۆخە وەربگرن، و چەند میرنشینێك دابمەزرێنن، و یەکەمین میرنشین میرنشینی عەیشانی بوو.**

**هۆزێکی کوردی بوون، لە ناوچەی شارەزوور دەژیان و توانیان لەژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسی و دەسەڵاتی مەرکەزی دەربچن و میرنشینێك بۆ خۆیان دابمەزرێنن، بە حوکمی ئەوەی زۆربەی کات شارەزوور لەژێر دەسەڵاتی حوکمی مەرکەزی نەبووە و سەربەخۆ بووە.**

**هەروەکو (إصطخری) و(إبن حوقل) کە باس لە شارەزوور دەکەن ئاماژە بەوە دەکەن کە خەڵکەکەی هەمیشە یاخی بوونە لە دژی دەسەڵاتی مەرکەزی.**

**هەروەها مێژوونوس (مسکویە) لە کتێبەکەیدا باسی شارەزوور دەکات و بە ناوچەیەکی قایم ناوی دەهێنێت کە خەلافەتی عەبباسی نەیتوانیوە دەستی بەسەردا بگرێ.**

**ئەوەبوو عیشانیەکان توانیان لە ساڵی(300ک) لە هەرێمی شارەزوور و ڕۆژئاوای هەرێمی چیا یەکەم میرنشینی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنن لە مێژووی ئیسلامیدا، بەڵام ئەم میرنشینە لە لایەن مێژوونوسانەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و زانیاری لە بارەی زۆر کەمە، چونکە ئەوانەی کە ڕووداوەکانیان تۆماردەکرد زیاتر مێژوونوسی عەرەب بوونە، بۆیە لە بارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی و سەرەتای دامەزراندنیەوە زانیاری ئەوتۆ لەبەر دەستدا نیە، ئەو زانیاریانەی کە پێمان گەیشتووە لە لایەن مێژوونوس(إبن الأثیر) لە کتێبی(الکامل فی التاریخ) تۆمارکراوە کە چەند زانیاریەکی کەمن کە ئەویش لە ناو میرنشینی حەسنەوەیدا باسی لێوەکردوون، ئەوەی لە ابن الاثیرەوە دەست دەکەوێ کەوا دوو سەرکردەی گەورە بە ناوی(وەنداد–غانم) کە کوڕانی میر(أحمدی کوڕی علی عەیشانی بەرزیکانی) بوونە، و ئەم دوو برایە توانیویانە سەرکردایەتی هۆزی عیشانیەکان بکەن و لە ساڵی(300ک) میرنشینێکی سەربەخۆ لە شارەزوور دابمەزرێنن، دواتر توانیان زۆربەی ناوچەکانی شارەزووریش کۆنترۆڵ بکەن و بەشێك لە شارەکانی هەرێمی چیاش بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.**

**توانیان بۆ ماوەی نیو سەدە (50 ساڵ) فەرمانڕەوایی بکەن، تەنانەت توانیویانە سەرکردایەتی چەند هەزار کوردێك بکەن لە کوردەکانی شارەزوور و ابن الاپیر ئاماژەی پێدەکات.**

**هەروەکو ابن الاپیر ئاماژە دەکات کەوا هۆزی عیـ شانی پەیوەندیەکی خزمایەتی(ژن خوازیان) هەبووە لەگەڵ هۆزی بەرزیکانی (کە دواتر دەتوانن میرنـ شینی حەـ سنەوەی دابمەزرێنن) هەبووە و هەروەها ئاماژەش بەوە دەکات کە میر حەسنەوەی کوڕە خوشکی میر وەنداد و میر غانم بووە.**

**دوای دامەزراندنی ئەم میرنـ شینە دەـ سەڵاتیان گەیـ شتە چەند شارێك وەکو دەینەوەر و هەمەدان و نەهاوەند، و بەشێك لە باشوری ئازەربیجانیشیان کەوتە دەست.**

**میر غانم پایتەختێکی نوێی بۆ خۆی دامەزراند لە شارەزوور بە ناوی (قەڵای قەـ سنان)و هەروەها قەڵایەکی تریـ شی ئاوەدانکردەوە ئەویش (قەڵای غانم اباد) بوو، تاوەکو ($350$ك) حوکمی کرد و لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی کوڕەکەی بە ناوی(ابوسالم دەیسەم) دەسەڵاتی وەرگرت، بە حوکمی ئەوەی کە سیستەمی پشتاوپشت پەیڕەودەکرا لە فەرمانڕەواییدا، ئەبوسالم بەردەوام بوو لە حوکمڕانی عیـ شانیەکان تاکو لەـ سەر دەـ ستی (ابوالفتح بن عمید) وەزیری بویهیەکان کوژرا، و ناوچەکانیشی کەوتە ژێر دەسەڵاتی بوەیهیەکان.**

**کەواتە دەتوانین بڵێین میر ابوـ سالم دەیـ سەم نزیکەی ($10$) ساڵ حوکمی کردووە و کە لەو ماوەیەدا هاوـ سەردەمی فەرمانڕەوایی میری حەـ سنەویەکان بووە، کەواتە میر حەـ سنەوەی بە تەنها حوکمی ناو چەکانی شارەزوور و هەرێمی چیای نەکردووە، بەڵکو أبو سالم دەیـ سەمیش لە هەندێ ناو چەی هەرێمەکە حوکمی کردووە.**

**سەبارەت بە لقەکەی تری عیـ شانیەکان کە لە لایەن(ونداد)ەوە حوکمڕانی دەکرا هەروەکو (ابن الاپیر) ئاماژەی پێکردووە وەندا لە ($349$) کۆـ چی دوایی دەکات و کوڕەکەی بە ناوی (عبدالوهاب) کە بە(ابوالغنائم) ناسراوە سەرکردایەتی عیشانیەکان وەردەگرێ، بەڵام ئەم میرەش ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوایی بکات.**

**لە ئەنجامی پەلاماری هۆزەکانی دەوروبەری بەتایبەتی هۆزی شازنجان و بەرزیکانی، کە ئەمانە بە بەردەوامی هێرـ شیان دەکردەـ سەر دەـ سەڵاتی، و هەروەها هاوپەیمانی یەکتربوون بۆیە لە کۆتاییدا نەیتوانی بەرامبەر شازنجانیەکان خۆی ڕابگرێ و دەـ سگیرکرا، دواتریش تـ سلیم بە هۆزی بەرزیکانی میر حەـ سنەوەی کراو میر حەـ سنەوەیش کۆتایی بە میرنـ شینەکە هێنا و هەموو ناوـ چەکانی میر وەندادی خستەژێر دەسەڵاتی خۆی، کەواتە بەم شێوەیە میرنشینی عیشانی کۆتایی پێهات و بەشێك لە ناوچەکانی کەوتە دەست بوەیهیەکان و بەشەکەی تریش کەوتە دەست حەسنەوەیەکان.**

**هۆیەکانی ڕووخانی میرنشینی عیشانی:**

**$1-$ بوونی دوو میر لە یەك کاتدا (وەنداد-غانم) بۆ فەرمانڕەوایی، ئەم میرنـ شینە هۆیەکی گرنگ بوو بۆ لاوازی عیشانیەکان چونکە دەسەڵات دابەش بوو لە نێوان دوو برا.**

2- ناكۆكی و ململانێ لە نێوان هۆزی عیشانی و هۆزی شازنجانی و بەرزیكانی كە ئەمانەش هاوپەیمانی یەكتر بوون لە دژی عیشانیەكان لە هەرێمی چیا، ئەمەش هۆكارێكی گرنگ بوو بۆ لاوازكردنی دەسەڵاتی عیشانیەكان، بەتایبەتی دوای هێرشی بەرزیكانیەكان بۆ شارەزوور.

3- چاوتێبڕینی بویهیەكان ڕۆڵێكی گرنگی هەبوو بۆ لاوازكردنی میرنشینەكە، چونكە بویهیەكان هێرشیان كردە سەر شارەزوور و توانیان بەشێكی بگرن.

4- میرنشینی عیشانی میرنشینێكی نیمچە سەربەخۆ بوو، و یەكەم هەوڵدان بوو لە مێژووی كوردی ئیسلامی بۆ دامەزراندنی قەوارەیەكی سیاسی، لەگەڵ ئەوەی زانیاری زۆر كەمە لە بارەی ئەم میرنشینە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە ڕووی دامودەزگاكانی ڕامیاری و كارگێڕی زۆر پێشكەوتوو نەبووە، بۆیە نەیتوانیوە زۆر خۆی ڕابگرێ.

5- فراوانبوونی دەسەڵاتی میرنشینی عیشانی و گەیشتنی بۆ هەندێ لە شارەكانی هەرێمی چیا، ئەمەش بە هۆیەكی تر دادەنرێ بۆ لاوازبونیان.

2- میرنشینی شەدادی(340-595ك):

هەر لە هەمان سەدە هەرێمی ئاران كەتە ژێر دەسەڵاتی خێزانی( سالاریەكان)و سەر چاوەكان بیروبۆچونیان جیاوازە سەبارەت بەم بنەماڵەیە، هەندێك پێیان وایە كە دەیلەمن و هەندێكی تریش دەڵێن فارسن و بەڵام مێژوونوسی كورد (محمدأمین زكی) دەڵێ ئەم بنەماڵەیە كوردن، بەڵام زانیاریەكی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نیە سەبارەت ئەم بنەماڵەیە، ئەوە نەبێ كە لە سەرەتاكانی سەدەی (4ك) میرنشینێكیان لە ئاران و ئازەربیجان دامەزراند و پایتەختەكەشیان شاری ئەردەبیل بوو.

میرەكانی سالاری توانیان هەرێمی ئاران كۆنتڕۆڵ بكەن و هەروەها دەستیان بە فراوانخوازیەكانی خۆیان كرد، بە هۆی لاوازی عەبباسیەكان، ئەوەبوو یەكێك لە میرەكانیان بە ناوی (مەرزەبان) تووشی پەلاماری بویهیەكان بوو ئەمەش لە ئەنجامی هێرشی سالاریەكان بوو بۆ سەر شاری (رەی)، (مەرزەبانی یەكەم) سەركەوتوو نەبوو لەم هێرشەیدا بەرامبەر بە بویهیەكان، بۆیە بەدیل گیرا لە لایەن (ركن الدولە)ی بویهی، ئەویش لە یەكێك لە قەڵاكانی هەرێمی چیا زیندانی كرد.

لە ئەنجامدا هۆزی شەدادی كە لە ئاران بوون هەوڵیاندا سوود لەم بارودۆخە وەربگرن، و بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە هەرێمەكە، ئەوەبوو توانیان لە (340ك) میرنشینێكی سەربەخۆ دامەزرێنن، ئەم هەنگاوەش لە لایەن میر (محمد كوڕی شەداد)ەوە بوو، كە سەركەوتوو بوو لە دامەزراندنی میرنشینەكەی.

هۆیەكانی دامەزراندنی میرنشینی شەدادی:

1- لاوازی خەلافەتی عەبباسی هۆیەکی گرنگ بوو بۆ دامەزراندنی میرنشینی شەدادی لە ئاران، و هەروەها گرتنی بەغدا لە لایەن بوەیهیەکانەوە، ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆ لاوازی عەبباسیەکان و ڕێگە خۆشکەربوون بۆ شەدادیەکان.

2- کە سایەتی (محمدی کوڕی شداد) وەکو میرێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات دەرکەوت، و توانی سەرداریەتی هۆزێکی گەورەی وەکو شەدادیەکن بکات.

3- دووری هەرێمی ئاران لە مەرکەزی خەلافەت(بەغدا) ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنی میرنشینەکە.

4- لاوازی دەسەڵاتی سالاریەکان لە ئاران، بەتایبەتی دوای دەستگیرکردنی(مەرزبانی سالاری) لە لایەن بوەیهیەکانەوە، هۆکارێکی سەرەکی بوو، کە شەدادیەکان بتوانن سوود لەم بارودۆخە وەربگرن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن.

5- بەپێی ئاماژەی هەندێ سەرچاوە زۆری ژمارەی شەدادیەکان لە هەرێمی ئاران، هەروەها بێزاری دانیشتوان لە سیاسەتی سالاریەکان و ململانێیان لەگەڵ بویهیەکان ڕۆڵی خۆی هەبوو لە دامەزراندنی میرنشینەکە.

6- ئەو سیاسەتە لامەرکەزیەی کە بوەیهیەکان پەیڕەویان دەکرد ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەبوو.

بەهۆی ئەو هەموو کۆمەڵە خاڵانەوە میر(محمد کوڕی شداد) توانی لە (340) میرنشینەکەی دابمەزرێنی و شاری(دوین)یشی کردە پایتەختی خۆی، ئەوەبوو دواتر دەستی بە فراوانخوازی کرد، بەڵام بارودۆخ لەوە زیاتر یارمەتیدەر نەبوو بۆ شەدادیەکان، چونکە میر (مرزبان)ی سالاری توانی لە زیندانی بویهیەکان ڕابکات و بگەڕێتەوە هەرێمی ئاران، بۆیە میر محمد لە بەرامبەر مەرزەباندا خۆی پێڕانەگیرا و ناچار لە (343ك) دوینی بەجێهێشت، و لە ئەنجامدا لە یەکێك لە شارەکانی ئاران لە (344ك) کۆچی دوایی کرد.

لە دوای کۆچکردنی میر محمد، کوڕەکانی نەیانتوانی خۆیان بەرامبەر بە سالاریەکان ڕابگرن، و بۆیە (فچلون) ی کوڕی ڕوویکردە شاری دیاربکر لە هەرێمی جەزیرە، و کوڕەکەی تریش بە ناوی (مرزبان) چووە وڵاتی شام، تەنها کوڕە گەورەکەی نەبێت کە ناوی میر (لشکری) بوو، لە هەرێمی ئاران مایەوە.

## گرنگترین میرەکانی میرنشینەکە:

دوای دامەزراندنی میرنشینەکە لە لایەن میر(محمد) دواتریش ئازادبوونی (مزربان)ی سالاری، ئەوەبوو شەدادیەکان لە بەرامبەریان خۆیان پێ ڕانەگیرا، میر محمد کۆچی دوایی کرد، و کوڕەکانیشی پەرتەوازە بوون.

تاوەکو   ساڵی(356) میر ڤ  چلون و مرزبان گەڕانەوە ئاران و لەگەڵ (لە  شکری) برایان هەوڵیاندا دەسەڵاتی شەدادیەکان بگەڕێننەوە هەرێمەکە.

یەکەم هەنگاویان بۆ ئەو    چالاکییە لە لایەن میر ڤ  چلون بوو کە پەیوەندی کرد بە    سەرکردەی سالاریەکان(جێگیری مرزبانی  سالاری) لە  شاری گەنجە، ئەوەبوو توانی پەیوەندیەکی خۆش لەگەڵی درو  ست بکات، بۆیە (علی تازی) کە جێگیری    سالاریەکان بوو، ڤ  چلونی کرد بە    سەرکردایەتی پاسەوانانی شەو لە شاری گەنجە.

میر ڤ  چلون لەڕێی ئەم پۆ  ستەوە هەوڵیدا دانیـ  شتوانی هەرێمەکە لە خۆی نزیك بکاتەوە، هەروەها خزمەتگوزاری زۆری پێشکەش دەکردن، بە حوکمی ئەوەی زۆربەی هەرێمەکە لە شەدادیەکان بوو.

ئەوەبوو توانیان لەگەڵ میر(ڤ  چلون) هێرش بکەنە    سەر (علی تازی)    ساڵی (360ك)، کە بە  سەر سالاریەکاندا  سەربکەون و دووبارە میرنشینی  شەدادی دابمەزرێننەوە، بۆیە زۆربەی  سەر چاوەکان (360ك) بە ساڵی دامەزراندنی میرنشینەکە دادەنێن، و میر ڤچلون دوای سەرکەوتنەکەی دەسەڵات و هەرێمی ئارانی تە سلیم بە (ﻟ شکری) برا گەورەکەی کرد، بۆیە میر(ﻟ شکری) بە دووەم میر دادەنێن لە مێژووی شەدادیەکان.

سەبارەت بە  سالاریەکانیش دەبینین دووبارە هەوڵیانداوە دە سەڵاتی خۆیان بگەڕێننەوە ئاران، بەڵام  سەرکەوتوو نەبوون،    چونکە    شەدادیەکان زۆر بە توندی دژیان وە  ستان، نا  چار ڕازی بوون کە ڕێکەوتننامەیەکیان بە   ست، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئاران درا بە    شەدادیەکان، و    سالاریەکان کشانەوە.

میر (لشکری)(344–368ك):

ئەم میرە بە یەکێك لە گرنگترین میرەکانی میرن  شینەکە دادەنرێت،    چونکە لە ماوەی دە   سەڵاتیدا بایەخێکی زۆری بە کاروباری ناوخۆی میرن  شینەکە داوە، بەتایبەتی لایەنی ئابووری–  سیا  سی–کۆمەڵایەتی–کارگێڕی، و لە کارە گرنگەکانی فراوانکردنی سنووری شەدادیەکان بووە.

هەروەکو سەرچاوەیەکی ئەرمەنی ئاماژەی پێدەکات لە لایەن (ڤارتان)ەوە نووسراوە بە ناوی (تاریخی أرمينيا) لێرەدا ئاماژە بە دە  سەڵاتی لە  شکری و فراوان خوازیەکانی دەکات، کە گەیـ شتنە هەرێمی ئازەربیجان و ئەرمینیا، بۆیە ئەم مێژوونو سە میر(ﻟ شکری) بە دامەزرێنەری میرن شینەکە دادەنێ، و  ساڵی (360ك) بە    ساڵی ڕەسمی دامەزراندنی میرن  شینەکە دادەنێت. ئەم میرە تاوەکو (368ك) فەرمانڕەوایی کردووە.

میر (مەرزەبان) (368–375ك):

ئەم میرە لە (368ك) دە سەڵاتی وەرگرت، سەرکەوتوو نەبوو لە فەرمانڕەواییەکەیدا، بەهۆی کەم شارەزایی و خەریك بوونی بە ژیانی ڕابوردن و پ شتگوێخ ستنی کاروباری وڵات، بۆیە ئەو ماوەیە بە سەردەمی لاوازی دادەنرێت لە مێژووی میرنشینەکەدا.

بەپێی سەرچاوەکان ئەرمەنی میر(فچلون) برای نا چار بوو کە میر مرزەبان بکوژێ لە (375ك)، تاوەکو میرز شینەکە لە مەتر سی لەناو چوون ڕزگار بکات، و ئەویش دە ستیکرد ب ڕێکخ ستنەوەی میرنشینەکە.

میر(**فچلون**) (375-422ك):

لە گرنگترین و ناودارترین میرەکانی ئەم میرز شینەیە، و ماوەی فەرمانڕەواییەکەی بە سەردەمی هەرە گرنگی شەدادیەکان دادەنرێ، بە حوکمی ئەوەی کەسایەتیەکی ئازاو بەهێز و لێهاتوویی هەبووە.

ئەوەبوو لە (375ك) لە دوای لەناوبردنی براکەی توانی دەسەڵات بگرێتە دەست، و بۆ ماوەی نزیکەی (47)ساڵ حوکم بکات تا (422ك).

ئەم میرە بەناوبانگە بوو بە سیا سەتی ناوخۆیی، بەتایبەتی بایەخدانی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی.

لە لایەنی ئابووری و بینا سازییەوە هەڵ سا بە درو ستکردنی پردێك لە سەر ڕووباری ئاراس بۆ بە ستنەوەی هەرێمی ئاران بە هەرێمی ئازەربیجان، ئەمەش زیاتر بە مەبە ستی بازرگانی بوو لە نێوان هەردوو هەرێمەکەدا.

وە لە لایەنی سەربازییەوە بایەخێکی زۆریدا بە مەشقکردنی سوپای شەدادیەکان و ڕێکخستنەوەیان، و هەروەها لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا هەوڵی فراوانکردنی سنوری میرز شینەکەی داوە تا گەیشتۆتە هەندێ ناوچەی ئەرمینیا و ئازەربیجان.

بەڵگەش بۆ ئەوە سەر چاوە ئەرمەنییەکانن کە باس لە میر ف چلون دەکەن، کە چۆن توانیویەتی باج بسەپێنێ بەسەر ئەرمەنەکان، ئەمەش نیشانەی بەهێزی میرنشینەکە و فەرمانڕەوا دەردەخات.

سەر چاوەکان میر ف چلون بە ناودارترین میری شەدادیەکان دادەنێن چونکە سەردەمەکەی پڕبووە لە سەرکەوتن، بەتایبەتی بەرامبەر بە دوژمنان، هەروەها بەرپەر چدانەوەی پەلامارەکانیان وەکو (ئەرمەن-خەزەر-ڕۆمەکان-گورجەکان).

بۆیە سەر چاوەکان باس لەوە دەکەن کە چەندان جار لەگەڵ میللەتە نامو سڵمانەکان جەنگاوە و لە سەر چاوە ئیسلامیەکاندا بە جیهاد لە دژی خەزەر ناوی دەرکردووە، بەتایبەتی لە(421ك)، هەروەها لە دژی ئەرمەن و گورجەکان.

کوڕەکەی لە دوای خۆی دە سەڵاتی وەردەگرێ کە ناوی(مو سی)یە، بەڵام زانیاری لە سەر میرەکانی دوای فچلون زۆر کەمن، و تەنانەت سەردەمی چەند میرێکیش بە سەردەمی لاوازی دادەنرێت.

لە پاش مردنی میر ﭬ چلون میرنشینی شەدادی ڕووی لە لاوازی کردو هەندێك ناو چەی لەدە ستدا، ئەوەبوو (مو سی کوڕی ﭬ چلون) کە دە سەڵاتی گرتە دە ست لە (422–425ك) توانی دە ست بە سەر شاری بیلقاندا بگرێتەوە.

هەروەها هە ستا بە کو شتنی برایەکی خۆی چونکە لێی یاخی بوو لە ساڵی(425ك)، میر مو سی لە لایەن کوڕەکەیەوە کوژرا کە ئەویش ناوی (لشکری) بوو.

(ل شکری کوڕی مو سی) لە شکری دووەم توانی بۆ ماوەیەك فەمانڕەوایی بکات، ماوەی فەرمانڕەوایی ل شکری زۆر ئاڵۆز و ناخۆش و پڕ لە ململانێ بووە، هەروەها مەتر سی هێر شە دەرەکیەکان ڕوو لە زیاد بوون دا بوو کە لە لایەن هێزەکانی دەوروبەریان دەکرایە سەریان تاکو لە (441ك) کۆچی دوایی دەکات.

(نەو شیروان کوڕی ل شکری) لە (441ك) دە سەڵاتی وەرگرت، ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم فەرمانڕەوایی کرد و پاشان بە ماوەیەکی کەم دوای ئو لە (422ك) میرێکی تر دێتە سەر دەسەڵات.

( شاور کوڕی ﭬ چلون) دە سەڵاتی وەرگرت کە ئەویش بە ناوی(أبوالا سوار) نازناوی دەرکردبوو ئەم میرەش بە یەکێك لە میرە ناودارەکانی میرنشینەکە دادەنرێ، بە ئاماژەی سەر چاوە هاو چەرخەکانی سەردەمی خۆی کە بە پاشای گەورە و دادوەر و ئازا وەسفیان کردووە.

لە سەردەمی ئەم میرەدا سەلجوقیەکان ڕوویان لە ئاران کرد، تەنانەت ئەم میرەش شەڕی میللەتی ناموسڵمانەکانی کردووە، و توانیویەتی دەسەڵاتی بەسەر ئاران و بەشێك لە ئەرمینیادا بسەپێنێ.

و لەو کاتەی سوڵتان (گغرل بگ)ی سەلجوقی ڕووی لە ئازەربیجان کردووە و میر (ابوالا سوار)ی شەدادی لەگەڵ هەردوو میرە گەورەکەی کورد ستان کە ئەوانیش (ﻧ صر ا لدو لە مروانی) و میر(وە سوزانی روادی) بوون چوونەتە خزمەت گغرل بگ و دیاری و نامە شیان بۆ بردووە ملکە چی خۆیان بۆ ڕاگەیاندووە.

میر أبوالاسوار تا (459ك) فەرمانڕەوایی دەکات، و لەم ساڵەدا کۆچی دوایی دەکات، لە دوای خۆشی کوڕەکەی بە ناوی(ﭬ چلونی دووەم) دە سەڵات وەردەگرێ.تا ئەو کاتەی کە سەلجوقیەکان لە (463ك) سەرکەوتنی هەرە گەورەیان بەدە ست دێنن لە شەڕی(مەلازگرد)، ئیتر ڕوودەکەنە ناو چەکانی ئازەربیجان و ئاران و هەوڵدەدەن ئەم هەرێما نە بخە نە ژێر دە سەڵاتی خۆیان بە تایبەتی لە ساڵی(468ك) کاتێك کە سوڵتان مەلیك شای سەلجوقی (465–485ك) هاتبوە سەر دە سەڵات و بە حوکمی ئەوەی سەلجوقیەکانیش سی ستەمی مەرکەزیەتیان پەیڕەو دەکرد، و هەوڵیان دەدا هەموو

**هەرێمەکە بگەڕێننەوە  سەر دە  سەڵاتی ناوەندی بەتایبەتی دوای  شەڕی مەلازگرد زۆربەی ناو  چە کوردیەکان لە هەرێمەکانی تریش کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی سەلجوقیەکان.**

**بۆیە مەلیك شا ناوچەکانی ئاران دەگرێ و دەیدا بە یەکێك لە سەرکردەکانی خۆی بە ناوی(ساوتکین)، بەڵام میر(فچلون) بە ئاسانی ناوچەکانی تەسلیم بە ساوتکین ناکات، بۆیە شەڕ لە نێوانیان ڕوودەدات، و لە ئەنجامدا میر ف چلون  شک ست دەهێنێ و نا  چار دەبێ هەرێمی ئاران بۆ  سەلجوقیەکان بەجێ بهێڵێ.**

**هەر چەندە دە سەڵاتی  شەدادیەکان لە دوای ئەم ڕووداوە زۆر کەم دەبێتەوە، و زانیاریەکی ئەوتۆ لە بارەیان نامێنێ، بەڵام دواتر بەپێی ئاماژەی هەندێ سەر چاوە  شەدادیەکان دەتوانن لە  شاری (ئانی) لقێکی تری میرز شینەکە دابمەزرێنن و کە ئەویش تا** (595**ك) بەردەوام دەبێت بە  سەرکردایەتی(منو چهری شەدادی). وا دیارە ئەم لقەی میرنشینەکە زۆر لاواز بووە، بۆیە زانیاری دەربارەی زۆر زۆر کەم بووە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە ناوی   چەند میرێکیان زانراوە وەك:** (**أبوالا  سوار–  شاوری دووەم–میر** فضلوني كوري منوضهر– **میرکیکاوس).**

**دوا ئاماژەش بۆ میرز  شینەکە لە** (595**ك) بووە لە ڕێی پارەیەکی ئەم میرز  شینە کە لەو   ساڵەدا لە  سککە دراوە، دوای ئەم  ساڵەش هیچ ئاماژەیەکی تر بۆ میرز شینەکە نییە، بۆیە ئەم  ساڵە بە  ساڵی لەناوچوونی یەکجارەکی شەدادیەکان دانراوە.**